1177 VÅRDGUIDEN | Region Kalmar län

## زانیاری تایبەت بۆ باوان

# سەبارەت بە خەتەنەی کچان (FGM)

### هەموو منداڵان لە سوید دەبێ لە ئاست توندوتیژی و زیانی جەستەیی بپارێزرێن

ئەمە هەموو جۆرە خەتەنەی کچان (FGM)، وەکوو خەتەنە، کونکردن، سووتاندن و دوورینەوە دەگرێتەوە. هەر جۆرە کردارێکی ناپزیشکی لەسەر ئەندامی زاوزێ قەدەغەیە. هەموو منداڵان دەبێ باشترین ئاسانکاری پزیشکیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

### مەترسی و گرفتەکان

لە ماوەی ئەم شێوازەدا خۆی (بڕین، کونکردن، سووتاندن و دوورینەوە)، کچەکە دەکەوێتە بەر خوێنبەربوونی و ئازاری توند لەوانەیە دوچاری هەوکردن بێت وەک هەوکردنی خوێن. FGM بۆ منداڵان زۆر ناخۆشە و کچەکەت ڕەنگە تووشی گرفتی دەروونی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا منداڵی دووچاربوو بە FGM لەوانەیە بکەوێتە بەر مەترسی کێشەی جەستەیی هەمیشەیی. باوترین گرفت لەدەستدانی توانای میزکردنی سروشتییە:
میزکردنە زیاتر لە ڕادەی خۆی کات دەبات و ئازارهێنەرە. بە زیادبوونی تەمەنی کچ و دەسپێکی سووڕی مانگانە، خوێنیک کە توانای چوونەدەری نییە دەبێتە هۆی ئازاری توند. ئەم بارودۆخە رەنگە ببێتە هۆی سەرئێشە ، ئازاری گەدە، پشت ئێشە و ناجێگیری باری دەروونی. هەروەها، بەشێک لە ژنانی دووچاربوو بە FGM ڕووبەڕووی کێشەی سێکسی و دووگیانی دەبنەوە.

Språk : Sorani

1177 VÅRDGUIDEN | Region Kalmar län

## زانیاری تایبەت بۆ باوان

# سەبارەت بە خەتەنەی کچان (FGM)

### هەموو منداڵان لە سوید دەبێ لە ئاست توندوتیژی و زیانی جەستەیی بپارێزرێن

ئەمە هەموو جۆرە خەتەنەی کچان (FGM)، وەکوو خەتەنە، کونکردن، سووتاندن و دوورینەوە دەگرێتەوە. هەر جۆرە کردارێکی ناپزیشکی لەسەر ئەندامی زاوزێ قەدەغەیە. هەموو منداڵان دەبێ باشترین ئاسانکاری پزیشکیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

### مەترسی و گرفتەکان

لە ماوەی ئەم شێوازەدا خۆی (بڕین، کونکردن، سووتاندن و دوورینەوە)، کچەکە دەکەوێتە بەر خوێنبەربوونی و ئازاری توند لەوانەیە دوچاری هەوکردن بێت وەک هەوکردنی خوێن. FGM بۆ منداڵان زۆر ناخۆشە و کچەکەت ڕەنگە تووشی گرفتی دەروونی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا منداڵی دووچاربوو بە FGM لەوانەیە بکەوێتە بەر مەترسی کێشەی جەستەیی هەمیشەیی. باوترین گرفت لەدەستدانی توانای میزکردنی سروشتییە:
میزکردنە زیاتر لە ڕادەی خۆی کات دەبات و ئازارهێنەرە. بە زیادبوونی تەمەنی کچ و دەسپێکی سووڕی مانگانە، خوێنیک کە توانای چوونەدەری نییە دەبێتە هۆی ئازاری توند. ئەم بارودۆخە رەنگە ببێتە هۆی سەرئێشە ، ئازاری گەدە، پشت ئێشە و ناجێگیری باری دەروونی. هەروەها، بەشێک لە ژنانی دووچاربوو بە FGM ڕووبەڕووی کێشەی سێکسی و دووگیانی دەبنەوە.

Språk : Sorani

## ئەرکی باوان

تۆ گرنگترین کەسی لە ژیانی کچەکەتدا و ئەرکی ئەوەت هەیە کە پارێزگاری لێ بکەیت لە ئاستی FGMدا. جگە لە ئەنجامدانی FGM، هاوکاری و پەرەپێدانی ئەم کردارەش قەدەغەیە. تەنانەت ئەگەر کەسێکی تر ئەم کارە ئەنجام بدات و کارەکە لە دەرەوەی سوید ئەنجام بدرێت، تۆ بەرپرسیاریت. تۆ دەبێ هەموو جۆرە هەنگاوی پێویست بنێیەوە بۆ پارێزگاری لە منداڵ لە ئاستی FGMدا. سزای دایک و باوکێک کە کچەکەیان دوچاری FGM بێت، 2 بۆ 10 ساڵ زیندانە.

## ئەگەر گوشارت لەسەرە دەتوانی یارمەتی وەرگریت

هەندێ لە باوان بۆ ئەنجامی FGM لە لایەن خزم و کەسەکانیان زەختیان بۆ دێت. بۆ ڕوونکردنەوەی قەدەغەبوونی FGM لە سوید ، ئێمە بەڵگەیەکمان دابین کردووە بۆ شیکردنەوەی قەدەغەکردنی FGM. دەتوانیت ئەوە پیشانی ئەو کەسانە بدەیت کە دەیانهەوێت قەناعەت بە تۆ بێنن و پێیان بڵێ کە ئەگەر باوان پارێزگاری کچەکەیان نەکەن لە بەرانبەر بە FGM لەوانەیە زیندانی بکرێن.

**بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ناونیشانی خوارەوە بکە:** www.hedersfortryck.se

Språk: Sorani

Region Kalmar län

ئەم نامیلکە دەتوانێت بە شێوەی فایلی دەنگی، CD، برەیڵ یان سویدی ساکار داواکرێت. بۆ پەیوەندی لەگەڵ **بەشی پەیوەندییەکان** لەڕێگەی ژمارە 0470-58 80 00 وە پەیوەندی بە تەلەفۆنخانەوە بکە.

ڕێکەوتی دوا نوێکردنەوە: 2016



## ئەرکی باوان

تۆ گرنگترین کەسی لە ژیانی کچەکەتدا و ئەرکی ئەوەت هەیە کە پارێزگاری لێ بکەیت لە ئاستی FGMدا. جگە لە ئەنجامدانی FGM، هاوکاری و پەرەپێدانی ئەم کردارەش قەدەغەیە. تەنانەت ئەگەر کەسێکی تر ئەم کارە ئەنجام بدات و کارەکە لە دەرەوەی سوید ئەنجام بدرێت، تۆ بەرپرسیاریت. تۆ دەبێ هەموو جۆرە هەنگاوی پێویست بنێیەوە بۆ پارێزگاری لە منداڵ لە ئاستی FGMدا. سزای دایک و باوکێک کە کچەکەیان دوچاری FGM بێت، 2 بۆ 10 ساڵ زیندانە.

## ئەگەر گوشارت لەسەرە دەتوانی یارمەتی وەرگریت

هەندێ لە باوان بۆ ئەنجامی FGM لە لایەن خزم و کەسەکانیان زەختیان بۆ دێت. بۆ ڕوونکردنەوەی قەدەغەبوونی FGM لە سوید ، ئێمە بەڵگەیەکمان دابین کردووە بۆ شیکردنەوەی قەدەغەکردنی FGM. دەتوانیت ئەوە پیشانی ئەو کەسانە بدەیت کە دەیانهەوێت قەناعەت بە تۆ بێنن و پێیان بڵێ کە ئەگەر باوان پارێزگاری کچەکەیان نەکەن لە بەرانبەر بە FGM لەوانەیە زیندانی بکرێن.

**بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ناونیشانی خوارەوە بکە:** www.hedersfortryck.se

Region Kalmar län

ئەم نامیلکە دەتوانێت بە شێوەی فایلی دەنگی، CD، برەیڵ یان سویدی ساکار داواکرێت. بۆ پەیوەندی لەگەڵ **بەشی پەیوەندییەکان** لەڕێگەی ژمارە 0470-58 80 00 وە پەیوەندی بە تەلەفۆنخانەوە بکە.

ڕێکەوتی دوا نوێکردنەوە: 2016